# له پەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملۆوە

**مەنسوری حیکمەت 6ی ئەیلولی 2000**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی   بەکر ئەحمەد**

**پێشەکییەکی کورت:**

**ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە, دوو نامەی مەنسوری حیکمەتە بۆ دوو کەسی جیاواز. یەکەمیان ئاڕاستەی "اغا ناسر" کراوە کە بەرپرسی ماڵپەڕی "دیدگاه"یە,  یەکێك لەو ماڵپەڕە فارسییانەی کە لە سویدە.  نامەی دووەمیان, نامەیەکی شەخسی نووسەرە بۆ هاوڕێیەکی حزبی خۆی کە پرسیاری هەڵویستوەرنەگرتنی یان بەیاننامەدەرنەکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکات لە بەرانبەر مەرگی شاعیر و نووسەری بەناوبانگی ئێران "ئەحمەدی شاملۆ"دا. دیارە ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو بەیاننامە حزبیانەی کە تەواوی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ڕەوتی "دووی خوردادی" ئێران: ڕیفۆرمخوازەکان,  تەنانەت سەڵتەنەت تەڵەبەکانیش , لە پرۆسەیی دەرکرنیدا شەریکبوون.**
**بەڵام ئەم نامە شەخسییەی مەنسور حکمەت بۆ بابەکی یەزدی, لە پاش دەستاودەستکردنێکی زۆر و بەبێ ڕەزامەندی نووسەری نامە, لە سایتی دیدگادا بڵاودەکرێتەوە.**

**دۆستی بەڕێز, ناسر!**

**پاشکۆی ئەم یاداشتە, نامەیەکی منە کە لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا (2000) لە وەڵام بە پرسیارەکانی هاوڕێی حزبیم "بابەك یەزدی"دا نووسراوە کە تایبەتە بە مەرگی ئەحمەدی شاملۆ. لەم ڕۆژانەی دوایدا و لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆرەوە بیستوومە کە نامەکە لەناو گروپی ئەدەبی ئێرانیاندا لە سوید, جاڕوجەنجاڵێکی خوڵقاندووە.**
**دیسانەوە ئەمڕۆش لە لەسەر سایتی "دیدگاه" , "گلارا حمزە"  خوازیاری بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە بووە.**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری , حزبێکی سیاسییە و بەخۆی ڕەوا نابینێت کە بۆ ئەندامەکانی خۆیی و خەڵکانی دی, هونەرمەندی باش یان خراپ, شیعری "المجاز" و "غیر المجاز" پێناسە بکات.**
**ئەوەی کە ئەمڕۆ حزبێکی سیاسییە, دەتوانێ و دەکرێ لە سبەێنێدا دەوڵەت دابمەزرێنێ.**
**حزبێکی سیاسی کە بۆ خەڵکی هونەر و هونەرمەندی "حەڵاڵ" و "حەرام" دیاریدەکات, پاڵەوانانی میللی پێناسە دەکات, لە دووسبەی دەسەڵاتیدا ناتوانێت ئازادی ڕادەربڕین و ئەندێشە بپارێزێت. بە پێچەوانەی ئەمەوە , ئەوە خودی تۆتالیتاریزمە.**
**لەسەر سایتی ئێوەدا, بە دیفاع لە شاملۆ و لە دژی ئەو, وتار نووسراوە. ئەگەر بڕیارە هەر یەکێك لەم گرووپانە پەیکەری قارەمانەکانی خۆیان بە دار و دیوار ی ماڵ و گەڕەك و قوتابخانەکانی**

یەکتریدا دابکوتن و موقەدەساتەکانی خۆیان بەسەر یەکتریدا فەرز بکەن, چیدی قسەیەك لەسەر ئازادی بیر و خەیاڵ لە نێواندا نامێنێت.

نامەی من یەك بڕیارنامەی ڕێکخراوەیی نییە, بەڵکو نامەیەکە بۆ هاوڕێەکی خۆم. ئەم نامەیە هەڵوێستی ئێمە نیشاندەدات و منیش خوازیارم بڵاوبکرێتەوە. بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەمەیە: کە پرۆسەی ئاشکرابوون و شەفافییەت بوون کە ئێمە لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا پەرچەمەکەیمان هەڵگردووە, بە مانای فەرهوودکردنی ژیانی تایبەتی تاکەکان و یاخود بڵاوکردنەوەی زیندووی سات بەساتی ژیانی ناوخۆی حزبەکان نییە.
من بەقەدەر کێوێك لەم جۆرە نامانەم لەلایە. بە درێژایی هەفتە, نامە گۆڕینەوە و قسەکردنی تەلەفۆنی لەم جۆرەمان زۆرە. جێگای ئەمانە لە بڵاوکراوەکاندا نابێتەوە. ئەمانە دەبنە پێشەکی پێویست بۆ هەڵوێسوەرگرتنی سیاسی و وتار و زۆر شتی تر. بەڵام ئەوەی کە گرنگە, بەرئەنجامی سیاسی ئەم دیالۆگەیە. لە پەیوەند بەمەوە, واتا ئەم هاوفکرییە, وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسی و کۆمۆنیستی و ئوسوڵی و ڕێزلێگرتن لە تاك و ئازادی ڕادەربڕین و پارسەنگی دانی فەردییە لە قەڵەمڕەوی هونەردا.

هاوڕێ بابەک , هاوڕێیانی خۆشەویست

سەبارەت بە ڕەئی دەربڕین ( یان لە ڕاستیدا ڕەئی دەرنەبڕین ) ی حزب لە پەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملۆوە, پرسیاری بۆچوونی منت کردبوو. وا دیارە ئێوە باسی بەرفراوانتان کردبێت , جێی داخە کە من لە باس و دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی باسەکەی ئێوەدا نەبووم. هەر بۆیەش ڕەنگە شتێ بڵێم کە لای ئێوە جێگای باس و لێکۆڵینەوە نە بووبێ. بەڵام بەهەر حاڵ , من بۆچوونی تایبەتی خۆم دەڵێم.
بە بڕوای من, حزب نە دەبوو لە پەیوەست بە مەرگی شاملۆوە , نووسینێکی ئامادە بکردایە کە تیایدا بەودا هەڵبیدایە یاخود ڕەخنەی لێبگرتایە. دروستتریش ئەم کارەی نەکرد. ئاخر لە مانگەکانی تردا, هونەرمەندان و شاعیرانی تریش مردوون, لە پەیوەند بەوانیشەوە ئێمە بە دروستی هەڵوێستی ڕەسمیمان نەگرت. مەبەستم لە (گل شیری, رحمانی, نادرپور و فردین)ە.
بەڵام هاوڕێیانێك دەیانەوێت بڵێن: لە پەیوەند بە مەرگی شاملۆوە فەرقی دەکرد. لە پەیوەند بەم "فەرقکردنەوە" من چەند خاڵێك دەبیستم.
یەکەمیان: ئەوەیە کە شاملۆ ڕادیکاڵ یاخود ئینساندۆست بوو.

**دووەمیان: ئەوەیە کە شاملۆ لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا, سەری نەوی نەکرد و "نەء"ی بە حوکمەت وت. تەنانەت لە هەندێ لە شیعرەکانیشیدا, هێما و ئاماژەی لەم جۆرە  بە دژی کۆماری ئیسلامی دەبینرێت.**

**دواهەمین خاڵیشیان: پلە و پایەی هونەری و ئەدەبی بەرجەستەی شاملۆیە.**

**بەڵام ڕیم پێبدەن کە من لەم خاڵەی دواییانەوە دەستپێبکەم.**

**بەبڕوای من لەم پەیوەندەیاندا دەبوایە لە پاش مەرگی شاملۆوە نووسین هەبوایە. بەڵام ئەمە وەزیفەی حزبێکی سیاسی نییە, بەڵکو ئەرکی هونەردۆست , ئەدەبدۆست و ئەو کەسانەیە کە پەیوەندییان بە شیعر و ئەدەبی شاملۆوە هەیە.**

**دەستپێشخەری حزب و دانی هەڵوێستی ڕەسمی لەم مەیدانەدا و لە پەیوەند بە جێگاوڕێگای ئەدەبی تاکەکانەوە, هیچ کاتێك نزیکایەتی لەگەڵ تڕادیسیۆن و ئامانجەکانی ئێمەدا نییە. شیعر و ئەدەبیات , مەیدانی داهێنان و تێگەیشتنی  فەردییە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و دەوڵەتی کرێکاری دوو سبەی ئەو, جێگایەکی بۆ "ملك الشعراء" و ئەدەبیاتی ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراو, ئەدەبیاتی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی  تیا نابێتەوە.**

**سەبارەت بە ڕێزلێنان لە شاملۆ  وەك ڕادیکاڵێك و ئینساندۆستێك , هەستدەکەم لێرەدا قەڵەمڕەوی شیعر و ئەدەب, هێشتا بە نیگایەکی خۆرهەڵاتی ژێر دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرەوە سەرنجدەدرێت.**

**لە خۆرهەڵاتدا بە گشتی و لە ئێراندا بە تایبەتی, شیعر و ئەدەب جێگای خاڵی ڕەخنەی سیاسی و کار و چالاکی سیاسی پڕکردۆتەوە. لە شوێنی ڕابەرانی سیاسی و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکان کە بە نووسین و لە دڵی هەر هەمان کۆمەڵە چالاکییە مادییەکانی ڕۆژانەدا کاری سیاسی خۆیان دەبەنە پێشەوە و کۆمەڵگا پۆلێندەکەن. شاعیر و ئەدیبێك دەبینین  کە بە شێوەی سەربەخۆ دیفاع لە حەق دەکات و لە جیاتی ئەوان دانیشتووە.**

**شوێنی خاڵی خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێکخستن و دانی بەرنامە و پلاتفۆرمی جیاواز, بە شیعر و هێمای ئەدەبی هونەرمەندان پڕکراوەتەوە. لە جیاتی ڕێکخستنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و پیاوان, بە خودی خۆیان و ڕێکخراوەکانیانەوە, بە خۆیان و ڕووخسارە ناسراوەکانیانەوە, بەیتێکی شیعری سەبارەت بە هاواری ژنێك لە خەیاڵی ئینساندا دەبینین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەوەیشی بخرێتە سەر کە چۆن دواکەوتوویی لە شکڵە هونەرییەکاندا ئامادەیی هەیە. لە ئەمریکا و ئیتالیادا فیلمساز گرنگە, (بەڵام لەمڕۆدا مۆسیقاژەن گرنگترە.) لە خۆرئاوادا شاعیری**

جەماوەری و ناسراو نییە. بەڵام لە ئێراندا شاعیر بوون گرنگ بووە, (لە ئێستادا گەلێك کەمتر).
بەڵام ئەگەر بە شوێن ڕادیکاڵ و ئینساندۆستەوە بن, ئەو کاتە شاعیر بوون, خەیات بوون, نانەوا بوون و گەلێك ناونیشانی تر لە لە ئینسانەکان بکەینەوە و با بەیەك چاوەوە سەرنجی هەموویان بدەین! ئایا بە بڕوای ئێوە حزبی کۆمۆنیست پشت بکاتە ئەو ڕیزە فراوانە بەرینەی ئینسانەکان کە لە کارنامەی خەباتیاندا سەبارەت بە ئازادی و بەرابەری زیاتر دەبینرێت وەك ئەوەی لە بەیت و دێڕە شیعرییەکاندا هەیە و پلە و پایەکانی ڕێزلێنانی لە تێکۆشانی ئینساندۆستانە و ڕادیکاڵبوونی شاملۆدا بەرجەستە بکات؟ بەڕاستی ئەمە بە مانای هێنانەخوارەوەی پێوەر و ستاندارتەکان نییە؟
ئایا شاملۆ چ کەموکوڕییەك و ڕێگرییەکی هەبوو کە نەیدەتوانی وەك من و تۆ و بە زمانی عادی و لە ژیانی ڕۆژانەدا و بە بێ هیچ هێما و لێکچوواندنێکی شیعرییانە, ساڵەهای ساڵ دەربارەی ئازادی و بەرابەری ئینسانەکان قسە بکات, ئەندامی ڕێکخراوێك بێت, شەڕ بکات, شیعار بدا, خەڵك وشیار بکاتەوە و بەر هەڵستی بکات. شاملۆ ئەندامی هیچ بزووتنەوە و ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵ و ئینساندۆست نەبوو. لە بەرهەمەکانیدا سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی, مافی منالْ, بیمەی بێکاری, قەدەغەکردنی ئیعدام, لەناوبردنی کاری کرێگرتە, سیستەمی نوێی جیهان, گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق, مافی تاوانباران و چەندەها شتی تر نابیسترێت و نەوتراوە. هات و هاواری قەڵەمڕەوی شیعر لە ناو دەستەبژێرێکی بچووکی ئەدەبی ئێران و خوێنەوارانی ئێراندا ناتوانێت و نابێت بوونەوەرانێکی سیاسی دابڕاو بۆ شاعیران و ئەدیبان دروست بکات کە لەوێدا بنەما و پێوەرەکاتن شتی ترن. شاملۆ "نەء"ی بە کۆماری ئیسلامی ئێران وت, فەرەیدونی فەرەخزادیش, داریوشیش هەروەها. بەڵام ئەوانە "نە ء" ی شەخسی بوون کە هیچ کاتێك ڕێگای بۆ یەك بزووتنەوەی "نەء" وتنی فراوان بە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆش نەکرد. شاملۆ دەیتوانی ئەندامی ڕابەری حزبێکی سیاسی بێت و "نەء"ەکەی پراکتیزە بکردایە, بۆ نەبوو؟ بەڵام ئەگەر شاملۆ شاعیرێکی کۆمۆنیست بوایە چی؟

بە بڕوای من دەبێ ناودارانی کۆمۆنیست بەرزڕاگرین. ئەگەر شاملۆ شاعیرێکی کۆمۆنیست بوایە, ئەگەر فیلمساز یان وەرزشکار و زانایەکی بەناوبانگ بوایە کە ناو و ناوبانگی دەبووە بەڵگەی دەسەڵاتگیری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە, دەبوایە بەیاننامەمان دەربکردایە و گەورەمان ڕابگرتایە. بەڵام شاملۆ ناسیونالیست و ئێران دۆست بوو. بە کاڵبوونەوەی فەرهەنگی میللی لە نێوەندی ئێرانیانی دەرەوەی وڵاتدا, بە ناشیرینترین شێوە جنێوی دەدا.
شاملۆ مەرگی کۆمۆنیزمی ڕاگەیاندبوو. شاملۆ ئەدیبێکی باش و داهێنەری بزووتنەوەی میللی و میللەتپەرستی ئێرانی بوو. هەمان بزووتنەوە بۆی هەیە بە ئازیزی خۆی بزانێ. بە ڕاستی ئەوە چ

**میراتێکی ئەدەبییە کە ئەو دەرفەتە دەدات ببینە شەریکی تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و تەنانەت سەرۆکی خودی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەگەر جورئەتی بکردایە و لە پەیوەند بە شاملۆوە قسەیەکی هەبوایە.**

**بەهەر شێوەیەك ئێمە وەك حزب لە پەیوەند بە مەرگی شاملۆوە بەیاننامەمان دەرنەکرد. چونکە بە پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوەوە نزیك نەبووین. ئەو جۆرە بەیاننامانە ئێمەی وەك ئەندامێکی بنەماڵەی هێزە ترادیسیۆنییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران پێناسەدەکرد.**

**خۆجیاکردنەوە لەم ترادیسیۆنە سیاسییە و دروستکردنی یەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ و جیاواز, کە ڕەخنەی لە کۆمەڵگا و ڕێگاچارەکانی بۆ کۆمەڵ لە بناغەوە جیاوازی هەیە لەوەی کە تا ئەمڕۆش بەستەری ئەسڵی ئۆپۆزسیۆنە لە ئێراندا بە هەموو سیمبولٚ و پەیکەرە ناودارەکانیانەوە, ئەمەکاری ئێمەیە. دەرچوون لە هەمان زەمینە سیاسییە ترادیسیۆنییەکان و پێکهێنانی دابڕانێك لەوەی کە وەك ناوکۆییەکی ئەدەبی و فەرهەنگی چاوی لێدەکرێت. بە دژی تەوژمەوە ڕۆشتن, پێشڕەوی بزووتنەوەی ئێمەیە.**

**شاملۆ کەسێکی خۆشناو و بەڕێز و ئینسانی بوو. کاری پڕۆفیشیونالانەی خۆی باش دەزانی. ئەم جۆرە ئینسانانە, دەوڵەمەندی بە کۆمەڵگا دەبەخشن. لە دنیای ئێمەدا, داهێنانی ئەم جۆرە کەسانە, سەد بەرابەر زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە. بەڵام شاملۆ ئەلگۆ و سیمبولٚ و چرای سەر ڕێی بزووتنەوەی ئێمە نەبوو.**

**بەڵام ئایا نەدەکرا بەیاننامە دەربکرایە و دیدیگای ئۆبژێکتیڤی شاملۆ دەستنیشان بکرایە و ئەگەر ڕەخنەیەکیش هەبوایە بووترایە؟ وەکو حزب ئەم کارە دروست نەبوو. ئینسانێکی خۆشناو لە دەست دەرچووە, حزبی سیاسی نابێت جیاوازییەکانی خۆی هەر هەمان ڕۆژ ڕابگەیێنێت. بەڵام وەك کەسانی ئەهلی ئەدەب, هاوڕێیان دەیانتوانی ئەو کارەیان بکردایە, بە ئیمزای خۆیانەوە نووسینیان هەبوایە و کار و بەرهەمی شاملۆیان هەڵسەنگاندایە. ئێستاش نەچووە بچێ, دەبێ ئەو کارە بکەن.**

**بە هەر حالٚ ئەمە بۆچوونی منە, پێخۆشحاڵم بۆچوونی هاوڕێیان بزانم.**